# نەخۆشانی دڵ ئەم بابەتە نەخوێننەوە!

یەحیا عومەر ریشاوی
yreshawy@yahoo.com

بەپێی لێدوانی وەزیری تەندروستی وهەندێ راپۆرتی رۆژنامەنووسی بێت  ئێستە كوردستان لەبەردەم خەتەرێكی گەورەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دڵدایە وریژەی كوردستان بەبەراوورد بە ناوچەكانی دەورووبەرمان زۆر لەپێشەوەیە ،یاخود راستر (زۆر لەدواوەیە !)

نەخۆشی دڵ كەیەكێكە لە نەخۆشیە ترسناكەكانی دونیا وساڵانە چەندین كەس دەكاتە قوربانیی ،لەكوردستاندا خەریكە بچێتە ریزی نەخۆشیەكانی تری وەك كۆلێرا وئەنفلۆنزا ونوخشەش بێ لە ئایدز وشێتی مانگا (شەیتان گوێی كەڕ بێ )!!

ئەگەر ئەم لێدوان وراپۆرتانە راست بن ئەوە دەبوو لەپاڵ هەڵای ئیعلامیی ومانگرتنەكانی خوێندكاران وپرۆژەی یاسای كاری رۆژنامەنووسی ومادەی 140 ،ئەمیش قسەو لێدوان وریپۆرتاژی رۆژنامەیی لەسەر ساز بكرایەو قەبارە وئاستی تەشەنەكردنی نەخۆشیەكە بەئامار وژمارە بخرایەتە روو ،هیچ نەبێ دەبوو بەرنامە تایبەتە تەندروستیەكانی میدیاكانی كوردستان ئەم مەسەلەیان بە خەستی بوروژانایە وبەشوێن رێگە چارەی گونجاودا بگەرانایە.

ئەوەندەی من بزانم  غەم وخەفەتی وەستانی ئەم چەند ساڵەی سەرەی نەوت وغاز وبەنزین ودزینی ماڵ وسامانی میللەت بەرۆژی روناك وبەرز ونزمیی دولار وواسیتە وواسیتە كاری دەوائری دەوڵەت وڕاكەڕاكەی پەیدا كردنی دووعانە بۆ پێشەكی كرێ خانوویەكی 100 مەتری ودەنگدانی چەند جارەی هەڵبژاردەكان وتەواو نەبوونی پرۆژەكان ووو... ، هەموو ئەمانە یان یەك دوانێكیان بەسن بۆ ئەوەی گەنجێكی 18 ساڵە تووشی نەخۆشی دڵ وشەكرە وبەرزبوونەوەی زەغت بكات ،وپێش پرۆسەی ژن هێنان گرفتاری ژماردنی تاڵە سپیەكانی سەرت بیت !

ئەوە تەشخیسێكی سەرپێی و(عەوامانە)ی ئەو نەخۆشیەیە ورەنگە دەسكاری كردنی ئیشی پزیشكان وپسپۆران بێت ،گرنگ ئەوەیە ناكرێ ئەم مەسەلە هەستیارە پشت گوێ بخرێت و بە بیانووی جۆراوجۆر بەدیاردەیەكی سرووشتی تەماشا بكرێت ،دەكرێ وەزارەتی تەندروستی ولایەنە پەیوەندیدارەكان بایەخێكی زیاتر بەم مەسەلەیە بدەن وپێشنیاری دروستكردنی نەخۆشخانەیەكی تایبەت بە (دڵ) - وەك لەهەندێك لە وڵاتانی دەوروبەر- لە كوردستاندا بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ،وەك دەستپێشخەری وخۆئامادەكردنێك بۆ (خوانەكردە) ئەگەری ترسناكتر ،ئەگەر چاوەروانیی پرووكێنی تەواو بوونی خودی ئەم پرۆژە (گریمانەییە) خۆی نەبێتە سەرچاوەی خەم وغەفەتیكی تر وریژەی نەخۆشیەكە زیاتر وزیاتر نەكات ؟!